# ڕەشە کوژی تڕۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران

ئێوارەی ١٣ی مانگی یولی ١٩٨٩ ی زاینی ، بە پێی پیلانی دارژاوی ماکەی تڕۆرو جینایەت ، واتە کۆماری ئیسلامی ئێران ، سیاسە تمەدارو زانای هەڵکەوتووی گە لەکەمان ، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو لە گەڵ کاك عەبدوڵلای قادری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و بەرپرسی دە فتەری حیزب لە دەرەوەی ولات ، بەدەستی جینایەتکارانی بەکرێ گیراوی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری وێن پایتەختی ولاتی ئوتریش شەهید کران . لە و کارەساتە دلتە زێنە دا کەسێکی تر بەناوی دوکتور فازل مەلا مەحمودیش شە هید بوو .

هە ر وەك هەمیشە قەلی ڕەش و چە پەڵی تاوانبار ، دەست و پلی خوێناوی خۆی لە ژێر عەبای مێزە ر بەسەران هێنا دەرو ئەو کارەسات و تاوانە ناجوانمێرانەیان بە فێل و لە داوخستنی تێکۆشەرانی کورد دوو ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و هاو ولاتیەکی باشوور لە خوێن دا شەلاڵ کران و شەهید بوون.

دوکتور قاسلو کەسایەتییەکی ناسراوی جیهانی بوو. ناوبراو لەدەرەوەو ژوورەوە وەك زاناو پسپۆرو سیاسە ت زان و کارئامەیەکی ژیر ناسرابوو . ناوبراو لە سالانی١ ١٣٣ی هەتاوی بەو لاوە تە مەنی خۆی لەدەر بەدەری و خەباتی سیاسیدا بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بەسەر بردوە . زانایان و کوردناسانی بێگانە ، دوکتور قاسملو وەك تئۆری زانێکی شۆڕشگێڕی کورد نێو دە بەن ، نووسەران و ڕۆژنامەنووسان لە دەرەوە ، دوکتور قاسملو وەك مێژوونووسێکی شارەزا دەناسن و کتێبی کوردستان و کورد بەیانگەری ئەو ڕاستیەیە کە بە زمانی چیکی نووسراوەو بە زمانەکانی عەڕەبی ، کوردی ، ئینگلیزی ، پۆلۆنی و سلۆڤاکی ، وەرگێڕدراوە .

بە شە هیدکرانی زانایەکی ئاوا ، نەك هەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران خەسارە تێکی گەورەی قەرەبوو نەکراوی وێکەت ، بەڵکوو بۆ جوولانەوەی

ڕزگاریخوازی کوردستانیش بە زیانێکی فرە مەزن دەژمێردرێ .

کارەساتی دڵتەزێنی وێن ، پێتەختی ئوتریش ڕووداوێك بوو کە دەبوایە هەموو کورد و کۆڕو کۆمەڵ و حیزب و ڕێکخراوەکانی نیشتمان پەروەری کوردی بە و پەڕی دڵسۆزیەوە شێلگیرانە وەدوای کەوتبان و گوشاریان بۆ سەردەوڵەتی ئوتریش هێنابایە کە خوێنی دوکتور قاسملوو هاورێکانی بە فیرۆ نەڕوات و پشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان گرتبایە بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئوتریش بەسات و سەوداو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەگەڵ پۆلیسی کۆماری ئیسلامی ڕێك نەکەوێ خوێنی ڕێبەرانی کورد بە نێو قامکاندا بڕوات . مەسەلەی تڕۆر تەنیا هەربو حیزبی دێموکراتی کوردستان نییە ، بەڵکوو کارەساتی ئاوا بەگوێرەی مێژووی ڕابردو بیرمان دەخاتەوە کە لە هەموو کەلێن و قوژبنی بەشەکانی کوردستان لە ئارا دا بووەو بەو زوانە دوایی نایە . واتە ئەو جۆرە روو داوانە ، نە هەوەڵ رووداون ، نە دواین رووداویش دەبن . هەر بۆیە ئەرکی هەموو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو لەو کارەساتەدا بەنووسین و فاکس و تەلەفون و هەموو کەرەسەیەکی کە لە ئیختاریان دابوو، دەوڵەتی ئوتریشیان ناچار کردبایە رووداوێکی کە لە ولاتی ئوتریش رووی دابوو پووش بەسەر نەکرێ و دەنگی بێزاری وخۆیان دەر بڕیبایە .

بێگومان پۆلیسی ئوتریش زۆر باش دەزانێ و لە لای روونە کە پیاو کوژان و تڕۆریستان کێن و پیاوی کام دەوڵەتن . هەروەها لایان روونە و دەزانن کێن ئەوانەی لە پشتی ئەو رووداوە ڕاوەستاون .

ئێستاش بە یارمەتی هەموولایەك پتری وەدوا بکەون و گوشار بێنن بۆ سەر دەوڵەتی ئوتریش ، ڕەنگبێ بکرێ پەروەندەی قاتلان لە دادگایەکدا ئەگەر ئوتریش پێی خۆش بێ بخرێتە بەر حوکمی دادپەروەری ، لانیکەم ئەویش وەك دادگای میکۆنووس ئەڵمان ، رووی ڕەشی جینایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران جارێکی دیکە بە جیهانیان نیشان بدات .

سەعید کاوە (کوێستانی) یولی ٢٠٠٢